# ماڵئاوایی لە موقەدەس !!

**ڕزگار عومەر**
rezgar70cayahoo.com



لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا ،دراماتیك بوونی سیاسەت و گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان لە خێرایەك دایە ، کە تەنانەت ڕۆژمێرکردنیان کارێکی ئاسان نییە ، ئەم خێرایە بە جۆرێکە وەکو وەرزی هەڵوەرین وایە ، وەرزی دەرکەوتنی دونیای نەبینراو نەبیستراوی حەقیقەتە سادەکانە ، وەرزێکە کە دەمامکی موقەدەساتی کۆمەڵگە ، کۆنە پارێزترین موفەکیر یان حیزبی دینی ناتوانێ بەر بەکەشف بوون یان ئابرووچونی جەنگاوەرەکانی خۆی لە بابەتی گرووپی " زانا " بگرێ ، وەرزێکە نەوەیەکی تازە لە کۆمەڵناسە خۆماڵیەکانی خۆمان لە لێکۆڵینەوە مەیدانیەکانی خۆیان ، پێکهاتەی مێژوویی فاکتە ڕەنگاو ڕەنگەکانی دواکەوتنی کۆمەڵگە دەخەنە ڕوو ، ئینجا چاو نەترسانە ، لە حزووری ئەم هەموو حیزبە توندڕەوە ئاینیانەی کوردستان ، باس لە ژمارەی مزگەوتەکان ، باس لەو یاسایە دەکەن کە دەوڵەمەندە تاریك خۆرەکانی ئەوێندەر ، بۆ ئەوەی لە 30% باجی ساڵانەنەدەن هەر سەری کۆلانێك مزگەوتێکی لێ دروست دەکەن .

وەرزی تەریك بوون و ئیفلاس هاتنی حەماس و ئایدەلۆژی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارە ، لە زمانی ئێمەی نووسەران نا ، بەڵکو لە زمانی پێشمەرگە دێرینەکانی خۆیان ، کە لە دەسکەوتە مادیەکانی مەعاش ، ماراسۆنی زەوی و زار ، بزوتنەوەو بزنسی بیناسازی ژێر سایەی حوکمڕانی حیزبەکانی دوێنێ ی شاخ ، دەبینن نەك تەنها مەعاش و زەوی دەدرێتە جاش و ئەنفالچی و بەعسیەکانی دوێنێ ، بەڵکو لە فەرمانگە سەربازیەکانی بادینان لەبەر خاتری ئەوان قەدەغەیە ناوی جاش بەکاربێ ، پێشمەرگە دێرینەکانی ئەوانەی لە ژێر کارتێکردنی دەنگی کاك " فەرهاد سەنگاوی " و بەعس قڕانە هەڵیان دەکوتایە سەر سوپای داگیر کەر، یان گیانی خۆیان دەبەخشی یان بە کەم ئەندامی دەرئەچوون ، ئێستا هی وایان تیایە دڵی خۆی بۆ پێشمەرگەیەکی تری کۆن لە بابەتی کاك " دەرسیم دییەگەیی " دەکاتەوە ، لە بەرامبەر ناعەدالەتی دەسەڵاتی حیزبەکەی خۆی خۆزگە بەوە دەخوازێ کە ئەویش لەش فرۆش و سۆزانی با وەزعی زۆر باشتر دەبوو ، ڕووتانەوەی ڕەونەقی هەردوو دەسەڵات لە



هەولێر و سلێمانی لە ڕای گشتیدا شەق لە موقەدەس و لە شەرم وترس هەڵدەدا ، کە خەڵکی ڕانیە لە دژی فەسادی ئیداری حەیای دەسەڵات دەبەن ، بە هەمان شێوەش بەشێك لە خەڵکی هەولێر لە ڕاپرسیەکدا حەیای وەزارەتی ناوخۆ دەبەن ، کاك " مەلا بەختیار "یش کتێب دەردەکاو دەیەوێ ڕۆشنبیرێکی وەك کاك

ڕێبین فێری مۆدێرنێتەو دیموکراسی بکا لە کاتێکدا کە ئالآی فاشیزم ، ئالای حیزبی بەعس بە " الله اکبر " دەەسخەتی سەدام حوسێن لە سەر دائیرەو کۆشك تەلارە حکومیەکانی شار بە ڕەشەبای سلێمانی دەشەکێتەوە ، لە هەولێریش حکومەتەکە دەیەوێ وا نیشان بدا کە لە پرۆسەی پتەو کردنی حکومەتێکی مەدەنی تەکنۆقراتە ، لە کاتێکدا شارەوانی هەولێر پشتی مێژووی شارستانیەت دەشکێنێ ، لە هەڵمەتێکی بێ وێنەدا ، لە گەوجترین چالاکی کە هیچ شارەوانیەك نەی کردووە لە دونیا ، بەیان نامە دژ بە نووسەرێکی وەکو " ڕێبوار سیوەیلی " دەردەکا ، وەزارەتی ناوخۆش بە ڕاپێچ کردنی سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیا بۆ زیندان و بۆ دادگا دەیەوێ پێمان بڵێ " قانون طوارئ " کوردستانیش دەگرێتەوە .

هەر لە پانۆرامای ئەم مێژووە کورتەداو بە هەمان خێرایی ،چەپی نوێ ی کوردستان ، ئەو چەپەی کە لە دوای ساڵی 1991 بە عەمەلی لە شانۆی سیاسەت پەیدا بوو ، بێ بەری نەبوو لە رووتانەوەی ماسکەکان و



لەم ماڵئاوایی کردنە لە ڕوکەش و لە دیاردە و دەستەواژە موقەدەس کراوەکان ، جیابوونەوەکان و لێك ترازانەکان بوو بە مەیدانی شەڕی کەشف کردنی ئەوراقی لیدەرە نوخبە کراوەکان ، هەڵوێستی هەندێ لە شەخسیاتە زۆر زۆر خۆبەشۆڕشگێڕ و مارکسی زانەکان ، لە بچوکترین دیاردەی کۆمەڵایەتی و یا ڕۆشنبیری بە موو جیاوازی نەبوو لە هەڵوێستی کوێخای کوێرە دێیەکی سەدەی ڕابردوو ، بینیمان نووسەرانێك پەیدا بوون هەر لەم چەپە بەنووسینەکانیان نەك تەنیا لیدەر و مەرجەعیان دا بەر ڕەخنە ، بەڵکو دەستیان بۆ پرۆژەی تری فرێ دانی موقەدەسات کرد ، باسیان لە وێنەیەکی تری نەگەتیڤی لینین و مارکس کرد ، باسیان لەو میکانیزمانە کرد کە چ حیزبی ئەسڵ چ حیزبی تازە جیا بووی کردۆتە " کۆڵخۆز" ێکی دەرەجە دووی ستالینی .

ماڵئاوایی کردن لە موقەدەس تەنیا هەڵوێستێکی عەقلانی نیە ، بەڵکو هەڵوێستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە ، کە تاکی دیاری کراو دەکا بە بەشێك لە گشتێك کە پەیوەندی ماتماتیکانەی بە ژمارە یا هەیکەلێکی تەنزیمی یان ئایدەلۆژیەوە نییە ، بەقەدەر ئەوەی ئامادەبوونی حەقیقەتێکی ڕۆشنگەریە ،لەو میکانیزم و پلمیکانەی کە لە سەرئاراستەی چارەنووسی کۆمەڵگەدەوری سەرەکیان هەیە ،کە ڕەنگە لە ئەمڕۆدا بە توانج و پێوەرەکانی بزوتنەوە تەقلیدیەکان بە (( ناتوانێ شەریکی پرۆسەی گۆڕان بێ لە کۆمەڵ )) حوکم درابێ، ماڵئاوایی کردن لە موقەدەس ئێستا لە جموجوڵی ڕای گشتیدا دێ و دەچێ بێ ئەوەی توانیبێتی ببێ بە ناسنامەی موسبەتی ئەم جموجوڵە ، یان توانیبێتی پارچەکانی بە یەکیان گرێ داتەوە ، خوێندنەوەی ئەم جموجوڵە و باوەڕهێنان بەوەی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگە بە یەك ئاراستە بە رێوە ناچێ ، دەمان خاتە بەردەم دروست کردنی پرسیاری گەورە و وەڵامدانەوەی گەورە .